حاڵ وکاروباری ئیماندار جێی سەرسوڕمانە، هەموو حاڵێکی هەر مایەی خێرە بۆی؛ وئەمە بۆ هیچ کەسێک نابێت جگە لە ئیماندار

لە سوهەیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «حاڵ وکاروباری ئیماندار جێی سەرسوڕمانە، هەموو حاڵێکی هەر مایەی خێرە بۆی؛ وئەمە بۆ هیچ کەسێک نابێت جگە لە ئیماندار، ئەگەر تووشی خۆشگوزەرانی بێت؛ سوپاسی خودا دەکات وئەمە دەبێتە مایەی خێر بۆی، وئەگەر تووشی زیان بێت؛ ئارام دەگرێت وئەمەش هەر دەبێتە مایەی خێر بۆی».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- حاڵ وکاروباری ئیمانداری بەلاوە سەیرە ؛ ئەمیش لەڕوانگەی بە باش وبە چاکدانان، بەهۆی ئەوەی هەموو حاڵەتەکانی هەر خێرە بۆی، ئەمیش تەنها بۆ ئیماندارە، ئەگەر تووشی خۆشگوزەرانی بێت؛ سوپاسی خودا دەکات وئەم سوپاسگوزاریە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی پاداشت، وئەگەر تووشی زیان بێت ؛ بەهیوای پاداشتی اللە یە، ئەمیش هەر هۆکارە بۆ بەدەستهێنانی پاداشت بەهۆی ئارامگرتنەوە، بۆیە ئەو پاداشت بەدەست دەهێنێت لەهەموو حاڵەتێکدا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3298